به خەباتی ژیرانەی دەروونی، حیزب لە پارچەبوون دەپارێزین!

نووسینی: تەقیلەچەرمگ
24.01.2006

هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی، هەرچەندە داخراو و خۆپارێزیش بێت، نییە کە دەستەودامێنی کێشەی دەروونی نەبووبێت. هیچ مەنتیق و لۆژیکێک قەبووڵ ناکات کە هەموو دەستە و کۆمەڵێکی سیاسی، ئاست و شێوەی بیرکردنەوەی ورد و درشتیان، ژن و پیاویان، پیر و گەنجیان، خوێندەوار و نەخوێندەواریان چونیەک بێت. ئەوە تەنیا دیکتاتۆرەکانن کە مێشکی خۆیان و شێوەی بیرکردنەوەی خۆیان بە هی هەموو خەڵک دەزانن؛ و مەردم ناچار دەکەن کرنووش بۆ زیتەڵەیی و پسپۆرییە ساختەکەیان بەرێت. هەر کۆمەڵێک یان هەر حیزبێک کە ئیدیعای دێمۆکراتبوون بکات و سینگی باوەڕبوون بە دێمۆکراسی دەرپەڕێنێت، ناتوانێت تا سەر پرەنسیپەکانی ئازادی و دێمۆکراسی پێخوست بکات؛ و حیساب بۆ دەوروبەر نەکات. شارەزا و لێکۆڵەرێکی ئەمریکایی دەڵێ: "*ئەو کاتە ترست لە دێمۆکراسی هەبێ، کە فەرمانی سەرۆک بێ چەند و چۆن جێبەجێ کرا*". دێمۆکراسی یانی فرەهزری، فرەڕامان، فرە رەنگی، فرەنەژادی، فرەئایینی، ... دێمۆکراسی واتە بەشدار بوونی هەموو دەستە و کۆمەڵێک لە دەسەڵاتدا. دێمۆکراسی واتە ڕێزدانان بۆ کۆمەڵ و دوورکەوتنەوە لە هەموو شێوەیەکی تاکپەرستی و تاکڕەوی و پاوانخوازی. لە سیستمە دێمۆکراتییەکاندا نێوپرێک لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا نییە. زۆر پێویستە ئێمەی کورد، بەتایبەتی ئێمە ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، دێمۆکراسی بەو واتا کۆن و کلاسیکەیەوە تووڕهەڵدەینە نێو زبڵدانەوە. ئەو دێمۆکراسیەی جاران باوەڕمان پێی بوو، کۆن و دافەتاوە و زیواڵ زیواڵ بووە. با هەوڵبدەین لە کانیلەی مێشکی رۆژئاواییەکانەوە، لە خەزێنەی ئەزموونی سەرکەوتووی ئوروپایی و ئەمریکاییەکانەوە دێمۆکراسیی تازەبابەت هەڵێنجین؛ و واز لە بیرۆکە داڕزیو و داتەپیوەکانی کۆمونیستە تەقلیدییەکان بێنین. ئەوانە هیچ قازانجیان بۆ خۆیان نەبوو تا بۆ ئێمەیان بێ. ئەو بۆچوونە چەوت و چەوێڵانە لە مەیدانی کردەوەدا شکستیان خوارد و مایەپووچ دەرچوون. با هۆشی خۆمان جەم کەینەوە و چیتر وەدوای کڵاوی بابردوو نەکەوین.

هاوڕێیان و دڵسۆزانی دێمۆکرات! راستییەک هەیە کە وەک خۆری رۆشن خۆ دەنوێنێت و ئاورینگان داوێ. راستییەک کە درکاندنی دڵ و جگەر دێنێتە ژان، راستییەک کە لە ژاری مار کوشندەترە. ئەویش ئەمەیە کە حیزبی دێمۆکرات، حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی، حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان، حیزبی پارێزەری رۆژهەڵاتی ئەم نیشتمانە دیلە، نەخۆشە!!! بەڵی هاوڕێیان حیزبی دێمۆکرات نەخۆشە، نەخۆش!!! نەخۆشێکی زۆر شپرزە و بێحاڵە! نەخۆشییەکەی فرە ترسناکە؛ و ئەگەر بەفرزی فریای نەکەوین، دەردەکەی کوشندەیە! حاشاکردن لەم راستییە، دوژمنایەتی کردنی رێبازی راست و دروستی شەهیدانە. خۆبواردن لە چارەسەری ئەم گرفتە دەروونیەی حیزب؛ واتای هاودەستبوونە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی؛ و پشتکردنە لە رێباز و ئامانجە بەرزەکانی ئەم حیزبە تێکۆشەرە.
بڵا هەموو تێکۆشەران و خەباتگێرانی دێمۆکرات، با هەموو دڵسۆزان و خەمخۆرانی رێبازی پاکی پێشەوای نەمر، دەبا تەواوی هاوڕێیان و هاوسەنگەران و قوتابیانی قاسملوو و شەرەفکەندی، پێکەوە هەوڵبدەین نەخۆشییەکە و هۆیەکانی نەخۆشبوونی حیزبەکەمان بدۆزینەوە. دەبا بە گیانی هاوڕێیەتی و هاوخەباتی کار بکەین بۆ گێڕانەوەی باوەڕ و متمانە بۆ نێو ریزەکانی حیزب. بڵا بەیەکەوە قۆڵی هیممەت و هاوکاری هەڵماڵین بۆ رزگارکردنی حیزبەکەمان لە مەرگ و فەوتان.

ئەوانەی حاشا لە نەخۆشیی ئەم حیزبە دەکەن، کەڕ و نابینا و بێهەست و بێبەزەیین. ئەوانەی نکۆڵی لە کێشە نێوخۆییەکانی حیزب دەکەن و لە درکاندنی راستییەکان خۆ هەتڵە دەکەن، تەنیا و تەنیا لە بیری قانجاز و بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیاندان؛ و گۆڕ بۆ حیزبەکەمان هەڵدەکەنن. دوولەتبوونی حیزبی دێمۆکرات بە قازانجی هیچکام لە دڵسۆزانی ئەم حیزبە نییە؛ و سەرەتای کۆتایی هاتنی تەمەنی ئەم حیزبە دەبێت. گەورەیی و شان و شکۆی حیزبی دێمۆکرات لە پێکهاتە هزرییە جیاوازەکانیدا بەرجەستە دەبێت. سەندنەوەی ئەم شانازییە بەرز و باڵایەش، بە مانای داماڵینی بەرگی سەروەرییە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. بە مانای پیادەکردنی یاسای کۆیلایەتی و گوێ لەمستی و بەڵێ قوربانە. زۆر نەنگە! شەرم و شوورەییە! حیزبێک کە لە درێژایی تەمەنی خۆیدا، و لە چەرخی دیکتاتۆرەکاندا، دیکتاتۆری نەیتوانی سێبەری بەسەردا بکێشێت، ئێستا لە سەردەمی زێڕینی دێمۆکراسیدا، بەرەو سەرەڕۆیی و ملهوڕی و تاکڕەوی پەل بکوتێت. داوەشینە! داڕزینە! لە سەردەمی کرانەوە و گڵۆبالیزمدا، لەسەردەمی ئاوێتەبوونی نەتەوە و فەرهەنگەکاندا، ناوچەگەری و عەشیرەتگەری بکرێنە پرەنسیپی حیزبایەتی؛ و کاروباری حیزبایەتی لەسەر بنەمای دەس لە ملدان و ماستاوچیەتی و کلک گرێدان پرواتە بەڕێوە.

لێرەدا بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم بەر لە هەرکەسێک ئەم بانگەوازە ئاراستەی سەرکردەی لێوەشاوە و کەمۆێنەی حیزبەکەمان، مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە بکەم؛ و داوای لێبکەم بۆ دەربازکردنی حیزبەکەمان لە رەوشی هەڵکورمان و ئافەتی هەڵقرچان، "*گاندی*" ئاسا بێتە مەیدان و مان بگرێت. مان بگرێت لە دژی رەفتاری ناڕەوای "*محەممەد عەلی جەناح*"ی کوردستان. مامۆستای رێزدار! دڵنیابە هەموو دێمۆکراتەکانی رۆژهەڵات، هەموو دڵسۆزانی دۆزی رەوای کورد لەگەڵ تۆ دا ماندەگرن. ئاکامیش روون و کورتخایەن دەبێت. یان هەموومان بە هەڵە و

کەموکوورییەکانماندا دەچینەوە؛ لە هەڵەکان پەند وەردەگرین؛ و دەستەملانی یەکتری دەبین، یان "*جەناح*"ییەکان لە پڕیارێکی ناڕەوای خۆفریدەرانەدا پاکستانی خۆیان دروستدەکەن؛ و حیزبی دێمۆکرات و ڕێبازی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی بەجێ دەهێڵن. ئاکامێکی ئەوتۆش بێگومان بە زیانی ئەوانە دەبێت کە ئامادەی بیستنی دەنگی کەسانیتر نین. بە زیانی ئەوانە دەبێت کە گەرەکیانە حیزبی دێمۆکرات بۆ خۆیان پاوان بکەن.

هەر لەم نامەیەدا بانگەوازی هەموو دڵسۆزانی بەئەمەگی دێمۆکراتیش دەکەم، کە ئەگەر بەڕاستی ئارەزوویان سەرکەوتنی حیزبەکەیانە، ئەگەر بەڕاستی خۆیان بە پارێزەری میراتی شەهیدان دەزانن، با بە پشتیوانیکردن لە هەڵوێستی فیدکارانەی مامۆستای سەرکردەیان ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بگێڕن لە ڕزگارکردنی حیزبەکەیان لە فەوتان و لەنێوچوون. با بە مانگرتن و خۆبواردن لە ئەنجامدانی کارە حیزبەکانیان، بە کۆکردنەوەی ئیمزا، بە لەقاودانی هەڵە و ناهەقییەکانی باڵی دەسەڵاتدار، یان بە هەر شێوەیەکی تر کە بۆیان دەگونجێت، گوشار بخەنە سەر ڕێبەرایەتیی حیزب و ناچاری بکەن مل بۆ ئیرادەی پۆڵایینی ڕۆڵەکانی ئەم حیزب و گەلە دابنەوێنێت؛ و باوەڕ بە دانوستان و ڕێککەوتن و لێکگەیشتن بهێنێت. ڕێبەرایەتیی حیزب تێبگەیەنن کە جیابوونەوە ڕێگا چارە نییە؛ و پەرتەوازەیی و لەتلەتبوون هیچ دەردێکمان دەرمان ناکات. بەڵکوو یەکگرتن و برایەتی، تەبایی و هاوکاری، پێکەوەژیان و ڕێزلێنان دەتوانن لە دیاریکردنی دوارۆژێکی ڕووناکدا شوێندانەر بن. حیزبی دێمۆکرات ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک پتر پێویستیی بە یەکێتی و یەکڕیزی و یەکدەنگی هەیە. ئەگەر ئەمڕۆ لە تاراوگە و بەم قەوارە دیارەوە نەتوانین کێشەکانمان چارەسەر بکەین، سۆزی، دەیان ڕەوت و باڵی ڕەنگاوڕەنگ لە دەروونی حیزبەکەمانەوە سەر هەڵدەدەن و وەک خۆرە دەکەونە جەستەی حیزبەوە. کەواتە تا لەمە درەنگتر نەبووە، با هەموو لاباڵەکانی نێو حیزب، دڵەکانمان لە کینە پاک بکەینەوە و ئاوات و ئارەزووی ناحەزان زیندەبەچاڵ بکەین.

سڵاو لە کوردستان
سڵاو لە گیانی شەهیدان
سەرکەوتن بۆ ڕێبازی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی